REWAN

ڕێوان

ڕۆژنامەیەکی ڕوناکبیری سەربەخۆیە

سەنتەری ڕاگەیاندن و ڕوناکبیری ژنان دوو هەفتە جارێ دەریدەکات

١٦ی ئەیلولی ٢٠٠٦

ژمارە (١٣٣) ساڵی شەشەم

نرخی (٢٥٠) دینارە

An Independent Cultural Newspaper Published Twice a month by Women's Media and Education Center

هەڵوەستەیەک لەئاست نامەکەی "عەلی قازی محەمەد"

ل٤

# هەیئەتی چاودێری چاپەمەنیەکان ڕۆژنامەی شەرق ڕادەگرێت

لەسەرەتای ئەم مانگەدا ڕۆژنامەی شەرق کە لەتاران دەردەچێت، بەبڕیاری (هەیئەتی چاودێری بەسەر چاپەمەنیەکان) ڕاگیرا، هاوکات ڕێپێدانی دەرچوونی هەر یەك لەبڵاوکراوەکانی (حافز)و (خاترە) و(نامە) هەڵوەشێنرایەوە.

(شەرق) پێشتر لەگەڵ ڕۆژنامەی (یاس -نو) هەشت ڕۆژ ڕاگیرابوو، بەڵام شارەزایان پێشبینی ئەوە دەکەن ڕاگرتنی ئەم جارەی (شەرق) هەمیشەیی، بێت لەبەر ئەوەی لەنامەی ڕاگرتنەکەیدا هاتووە.

١. بڵاوکردنەوەی بابەتی ئیلحادی.

٢. جنێو دان بە کەسایەتیە نەتەوەییەکان.

٣. بڵاوکردنەوەی بابەتی پێچەوانەی پەسەندکراوەکانی شورای بەرزی ئەمنیەتی نەتەوەیی هاوکات وتراوە (شەرق) هەفتا سکاڵای لەسەرە.

عەلی مزروعی سەرۆکی (ئەنجومەنی ڕۆژنامەنوسانی ئێران) دەڵێت "هەیئەتی چاودێری بەسەر چاپەمەنیەکان مافی ڕاگرتنی ڕۆژنامەی شەرقی نیە". لەهەمان کاتدا شەمس ئەلواعزین وتەبێژی (ئەنجومەنی دیفاع لەئازادی بڵاکراوەکان) ڕایگەیاند: "ئەم هەنگاوە شتێکی پێشبینی کراوبوو".

ڕۆژنامەی شەرق بۆ یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٣ دا بڵاوکرایەوەو پەیامێکی ڕۆژنامەوانی هەبوو بەناوی (ڕۆژنامەنوسی بۆ ڕۆژنامەنوسی).

لەو ڕۆژنامەیەدا کۆمەڵێك قەڵەمی ڕادیکاڵ سەریان هەڵدا، بە گوێرەی قسەی هەندێك لە خوێنەرو ڕۆشنبیران لە ئێران شەرق تورەییەکی زۆری لەناو دەسەلاتدا پێك هێنابوو، لەپاڵ ئەمەشدا کۆمەڵێك وتار لەشەرقدا بڵاودەکرانەوە کە پێشتر ڕۆژنامەکانی تاران بەلایانەوە گرنگ نەبوو، ئەمە جگە لەوەی هەمیشە خوێندنەوەی جیاوازی بۆ مێژووی سیاسی ئێران و بەتایبەت میللەتان هەبوو.

فاتیمە ڕەهبەر نوێنەری ئەنجومەن لەرۆژنامەی ریسالەتدا نوسیویە" ڕۆژنامەی شەرق هێڵە سورەکانی بەزاندبوو حورمەتو سنوری نەدەپاراست".

لە ئینتەرنێتەوە

لەسەرو بەندی مانگرتنی مامۆستایاندا

# مامۆستایان گەشبین نین بە جێبەجێکردنی داخوازیەکانیان

لە بەیاننامەیەکدا کە مێژووی پێوە نییە یەکێتی مامۆستایان داوادەکات مامۆستایان ٣ ڕۆژ مان بگرنو نەچنە پۆلەکانەوە.

لە بەیاننامەیەکی یەکێتی مامۆستایاندا کە پێش دەستپێکردنی ساڵی نوێی خوێندن، لە هەندێك لە خوێندنگەکاندا بڵاوبۆوە، داوا لە مامۆستایان دەکات ٣ ڕۆژ مان بگرن و نەچنە پۆلەکانەوە، لە بەیاننامەکەدا هاتووە (ئەگەر داواکارییەکانمان تا ٢٠٠٦/٩/١٥ جێبەجێ نەکرا ئەوا بە ناوی هەردو مەکتەبی سکرتاریەت، هەولێرو سلێمانی داوا لەسەرجەم مامۆستایانی کوردستان دەکەین بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە ناو قوتابخانەو خوێندنگەکاندا، مانبگرینو نەچینە ناو پۆلەکانەوە، ئەگەر هەر نەکرا ئەوا یەکێتی مامۆستایانی کوردستان هەڵوێستێکی تری دەبێت). هەندێك لە مامۆستایان پێشبینی ئەوە دەکەن ئەم بەیاننامەیە نەخشە بێت بۆ لێك هەڵوەشاندنەوەی ئەو بڕیاری مانگرتنە کە لەلایەن ژمارەیەك مامۆستایانی هەندێك لە شارەکانی کوردستان گەرمیان بۆ نموونە ،بە مەبەستی چاککردنی بارودۆخی ژیانی مامۆستایان بڕیاریان لە سەر داوە. مامۆستا کەژاڵ وتی "دوو ساڵە بە نیازین بۆ جێبەجێکردنی داخوازییەکانمان هەڵوێست وەربگرین، پار پەروەردە لەڕێگەی بەڕێوەبەرەکانەوە هەڵیوەشاندەوە، ئەمساڵیش لە ڕێگەی یەکێتی مامۆستایانەوە".

ناوبراو درێژە بە قسەکانی دەدات و دەڵێت "لاوازیو بێ جورئەتی خۆشمان هۆکارێکی تری سەرەکیە بۆ ئەوەی یاریمان پێبکەن". مامۆستایەکیش کە نەیویست ناوی خۆی ئاشکرا بکات وتی" هەموو مامۆستایان نارازین، بەڵام باوەڕم بەوە نیە یەکێتی مامۆستایان پێداگیری لەسەر مافەکانی ئێمە بکات "هەروەها دەڵێت" من مامۆستایەکی ترسنۆکم ، بەڕێوەبەری هەموو خوێندنگەکان سەر بە حزبەکانن ئەگەر بەشداری ڕێپێوان یان مانگرتن بکەم ئەوا تا سەری ساڵ بەڕێوەبەرەکەم لێم هەڵدەپێچێت".

ئەفسەری بنکەی پۆلیسی سەیوان

# هەواڵی کوشتنی ژنێك لە سلێمانی ڕەت دەکاتەوە

ڕائد(جەبار ڕەئوف علی) ئەفسەری بنکەی پۆلیسی سەیوان لە سلێمانی، لەلێدوانێکی تایبەت بە ڕێوان، هەواڵی کوشتنی ژنێك لە گەرەکێکی شاری سلێمانی، بە ناڕاست لەقەڵەم داو و دەڵێت"ڕوداوی بەو شێوەیەمان لا تۆمار نەکراوەو ڕووینەداوە". پاش ئەوەی لەسەرەتای ئەم مانگەدا هەواڵێك لەناو خەڵکدا بڵاوبووەوە، گوایە ژنێك کوژراوەو فرێدراوە، منداڵێکیش لە نزیك تەرمەکەیەوە هەبووە.

ڕائد ڕەئوف ئاماژەی بەوەکرد کە بەپێی ئەو هەواڵەی لەناوخەڵکدا بڵاو بۆتەوە ڕوداوەکە لەسنوری دەسەڵاتی بنکەی ئەوو لە گەڕەکی سەیوان ڕوویداوە.

ناوبراو بۆ ڕەت کردنەوەی هەواڵەکە نەك هەر نکوڵی لە ڕووداوەکە دەکات لەو سنورە، بەڵکو جەختیش دەکاتەوە لەوەی لە بنکەی ئازادیش کە بەرپرسە لە سنوری گەڕەکەکانی دوای سنوری بنکەی سەیوان ئەو ڕووداوە رووی نەداوە"پەیوەندیشم کردووە بە بنکەی پۆلیسی ئازادیەوە ئەوانیش، ڕایانگەیاند کە حاڵەتی کوشتنی بەو شێوەیە نیە"ڕائید جەبار لە درێژەی لێدوانەکەی دا ئاماژە بە ژمارەی ئەو ڕووداوانە دەدات کە پەیوەستە بە ژنان لە سنوری دەسەڵاتی بنکەی سەیوان و دەڵێت "لەسەرەتای ئەم ساڵەوە ١١حاڵەتی خۆسوتاندن هەبووە کە٧ مردوون، ٤ماون، بێجگە لە یەك حاڵەتی کوشتن".

# گەنجانی بێ سنور لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل یاداشتێک بڵاو دەکەنەوە

ڕێکخراوی گەنجانی بێ سنور، لەسەر خراپ بەکارهێنانی مۆبایل یاداشتێکیان ئاراستەی پارلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد، ئەم هەڵوێستەی گەنجانی بێ سنور لە سەروبەندی چەند ڕوداوێکی تراژیدی دێت کە لە هەندێ لەشاروشارۆچکەکانی کوردستانەوە ڕوویانداوە، دەرئەنجامەکەشی چەند کەسێك گیانیان لە دەستدا.

ڕۆژی ٩/١٣ ڕێکخراوی گەنجانی بێ سنور لە شاری هەولێر، یاداشتێکیان ئاراستەی کردوە، لەبەشێکی یاداشتەکەدا هاتووە (ئەوەی ئێستا لەکوردستان بەتایبەتی لەنێوان گەنجان قسەو باسی لەسەر دەکرێت، مۆبایلو ئینتەرنێتە کە بەداخەوە بۆتە دیوەزمەیەك بۆسەر ژیانی چەندین کوروکچ ).

لەیاداشتەکەدا داواکراوە هێزەکانی ئاسایش چاودێری وورد بخەنە سەر ئەو باندو کەسانەی ،کە کار بۆ بڵاوکردنەوەی دیاردەی ناشایستە دەکەن لە مۆبایلدا ولە کۆتایی یاداشتەکەشدا هاتوە (هەرچی زوە دەبێت کار بۆ ڕەخساندنی دیالۆگێکی سەردەمیانە بکرێت، کە گەنجانی بەگرفت خۆیانی تێدا ببیننەوە بۆ هەرچی باشترکردنی ژیانی لاوانو ژینگەیەکی لەبارە بۆ گەنجان).

لە سەرەتای ئەمساڵەوەو لە ئەنجامی بڵاوبونەوەی گرتەی سێکسی کورو کچی کورد چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوویداوەو ژمارەیەکیش لەو کێشانە بە کوشتن یەکلایی کراوەتەوە .

لە هەولێر

# کۆنفرانسێکی تایبەت بە لاوان سازدەکرێت



لەڕۆژی جیهانی لاواندا، ڕێکخراوی تواناسازی لاوانی کوردستان بەهاوکاری ئینستیتۆی کۆماری نێودەوڵەتی، کۆنفرانسێکی یەك ڕۆژەیان سازدا.

بەبۆنەی ساڵڕۆژی جیهانی لاوانو لەژێر دروشمی (گەنجێکی تەندروستو وڵاتێکی ئارام) ڕۆژی ٢٠٠٦/٨/٣١ یەکەمین کۆنفرانسی نیشتمانی ڕۆژی جیهانی لاوان لەهەولێر سازکرا.

لەو کۆنفرانسەدا کە ڕۆژێکی خایاند جگە لەوتاری چەند لایەنێکی پەیوەندیدار، بەپرسی لاوانەوە ژمارەیەك لێکۆڵینەوەش پێشکەشکرا، دواتر هەڵسەنگاندنو ڕاسپاردەکان لەئەنجامی وۆرك شۆپەوە لەسەر لێکۆڵینەوەکان خرانە ڕوو.

CDO

# ژنانی هەڵەبجە هاندەدات بۆ بەشداریکردن لەهەڵبژاردن

ڕێکخراوی گەشەپێدانی مەدەنیەت CDOبەهاوکاری سەنتەری عەممان بۆ لێکۆڵینەوەی مافەکانی مرۆڤ ACHRSوۆرکشۆپێکی تایبەت بە هاندانی ژنانو گەنجان بۆ بەشداریکردن لە پرۆسەی هەڵبژاردن لەشارۆچکەی هەڵەبجەی شەهید ئەنجامدا.

وۆرکشۆپەکە لەرۆژانی ١١-٢٠٠٦/٩/١٢ ئەنجامدرا تێیدا ٢٧ کەس بەشداربوون لەنێویاندا ١٣ یان ژن بوونو نوێنەرایەتی ڕێکخراوە جیاوازەکانی کۆمەڵی مەدەنیان دەکرد.

هەندێ لە تەوەرەکانی وۆرکشۆپەکە تایبەت بوو بە بنەما سەرەکیەکانی مافی مرۆڤو خستنەڕووی پەیماننامەی سیداو و دیموکراسی، ڕۆڵی ژن لەژیانی سیاسیو بڕیارسازیدا، هەروەها تیشکی خستە سەر ڕۆڵی ڕاگەیاندن لەکاراکردنی ژنانو گەنجانو کاریگەریەتی تۆڕبەندی ڕێکخراوەکانی ژنانو گەنجان لەبەشداریکردنی ژیانی سیاسی.

وانەکان لەلایەن چەند مامۆستایەکی پسپۆڕەوە وترانەوە.